# بزاڤی کلتوری و سیاسی تورکمان لە عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٦٨-١٩٨٠
# وەرگیراو- مستل

**پ.ی.د ئاکۆ عبدالکریم محمود[١]، م.ی کاروان فتاح عبدالرحمن[٢]**
١ زانکۆی سلێمانی - بەشی مێژوو
٢ خوێندکاری دکتۆرا - زانکۆی سلێمانی - بەشی مێژوو
ako.shwani@univsul.edu.iq, karwan.abdulrahman@uoh.edu.iq

مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٠ پ.ی.د ئاکۆ عبدالکریم محمود، م.ی کاروان فتاح عبدالرحمن



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**ملخص الدراسة**

كانت أوضاع التركمان - كمكون قاطن في جنوب كوردستان - في الفترة التي تولى فيها حزب البعث زمام السلطة في العراق، صعبة للغاية وكانوا من الناحية السياسية في تلك الفترة في أزمة حقيقية .فعلى الرغم من أنهم لم يكن لهم حزب سياسي مسلح ولم يعارضوا الحكومة مباشرة، إلا أنهم لم يسلموا من محاولات حزب البعث لتهميشهم و تكميم أفواههم و كتم أصواتهم .هذه الدراسة تهتم بالبحث عن الحالة السياسية للتركمان في الفترة الواقعة بين سنة ١٩٦٨ وسنة ١٩٨٠م، وهي الفترة التي تعرف بعصر القوة بالنسبة لحزب البعث .تحلل هذه الدراسة الوضع السياسي للتركمان في بابين: الباب الأول خصص لبحث أول ظهور رسمي للتركمان وذلك ضمن تنظيم اجتماعي باسم نادي الاخاء التركماني، ولبحث أوضاع ذلك النادي في تلك الحقبة كما بحث فيه أيضا محاولات حزب البعث للهيمنة على ذلك النادي .أما الباب الثاني فقد عرض فيه الباحث بدايات العمل السياسي للتركمان في المنطقة و تأسيس حزب سياسي لهم سنة ١٩٨٠م. فقد تناول الباحث في هذا الباب جميع المحاولات الفردية والمحلية بالبحث و التحليل.

**Abstract**

The situation of Turkmen, as a resident in southern Kurdistan during the period when the Baath Party took power in Iraq, was politically very difficult and in that period, it was in a real crisis. Although, they did not have an armed political party and did not directly oppose the government, they did not escape from the Baath Party's attempts to marginalize, silence and silence their voices. This study examines the political situation of the Turkmen in the period between 1968 and 1980; the period was the party's strongest period. This study analyzes the political situation of the Turkmens in two sections: The first section was devoted to discussing the official appearance of the Turkmens in a social organization called the Turkmen Brothers Club, and to discuss the conditions of that club in that era, as well as attempts by the Baath party to dominate the club. The second part presents the beginning of the political work of Turkmen in the region and the establishment of their first political party in 1980. In this section, the researcher dealt with analysing all individual and local political attempts.

**پێشەکی/**

ماوەی هاتنە سەردەستەڵاتی حیزبی بەعس لە عێراق پاش کۆدێتای ١٩٦٨ هەتاوەکو ساڵی ١٩٨٠ قۆناغێکی مێژوویی دیار لە رەوشی سیاسی تورکمان دەردەخات. حیزبی بەعس لەماوەی فەرمانرەوایەتی خۆی بۆ کۆنترۆڵکردنی تەواوی کۆمەڵگا چەندین رێگای گرتەبەر. نەتەوەی تورکمان لە باشوری کوردستان لە هەوڵەکانی بەعس بۆ دەستبەسەردا گرتن بێبەش نەبوون. هێندەی بونیان لەناو کۆمەڵگای کوردستان و عێراق بەگشتی پشکیان لەو ئاڵۆزیانە بەرکەوت کە حکومەتی عێراقی بۆ هەموو ئەوانەی دروستدەکرد کە نەتەوەی جیاواز و ئاینزای جیاواز و تەنانەت شوێنی نیشتەجێبوونی جیاوازیان لە بنەماڵەی دەستەڵاتداری عێراق هەبوو.

ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٨ بۆ ١٩٨٠ سەردەمی بەهێزی و باڵادەستی حیزبی بەعس لە عێراق و کوردستان دەنوێنێت. عێراق لەو ماوەیەدا کۆمەڵێك گۆرانکاری ناوخۆیی گرنگی بەسەردا هات کە کاریگەریان لەسەر رەوشی سیاسی تورکمان دروستکرد. ئەو دوازدە ساڵە لە دەستەڵاتی بەعس بۆ تورکمان تاقیکردنەوەیەکی گەورە بوو کە سەرەتاکانی گەران بەدوای ناسنامەی نەتەوەیی لای تورکمان زیندوو کردەوە. قۆناغی حیزبی بەعس، عێراق بە تەواوی بوو بە دەوڵەتێکی تاك حیزب و تاك سەرکردە، هەموو هەوڵەکانی بۆ تواندنەوەی سەرجەم جیاوازیەکانی ناو عێراق چڕکردەوە. لە دوو رەهەندەوە تورکمان بەر ئەو جۆرە سیاسەتە تۆتالیتاریەی بەعس کەوت. ئەم توێژینەوەیە لەدوو تەوەردا لەو دوو بوارە دەدوێت و شیکردنەوەیان دەکات. تەوەری یەکەم بریتیە لە باسکردنی یانەی برایەتی تورکمان کە یەکەمین دەرکەوتنی نەتەوەیی تورکمان بوو پاش دامەزراندنی عێراق، حیزبی بەعس هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی دەدات. لەساڵی ١٩٧٠ بەیاننامەی مافە کلتوریەکانی تورکمان دەردەچێت لەلایەن حیزبی بەعس، هەوڵەکانی حیزبی بەعس بۆ بەلارێدابردنی ئەو مافانە تەوەرێکی دیکەی لێکۆڵینەوە دەبێت.

شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی لایەنە جیاوازەکانی رووداوەکانی ئەو سەردەمەی توێژینەوەکە لێهی دەدوێت بە بەکارهێنانی سەرچاوە سەرەکیەکانی تایبەت بە بابەتەکە ئەو رێبازەیە کە توێژینەوەکە دەیگرێتەبەر. هەروەها بەکارهێنانی کۆمەڵێک لەو سەرچاوانەی لە سەردەمی ڕوداوەکاندا نوسراونەتەوە وەک گۆڤاری قارداشلەق و هەروەها بیرەوەریەکانی بەشێک لە کارەکتەرە سەرەکیەکانی سەردەمی توێژینەوەکە سودی لێبینراوە، لەگەڵ سودوەرگرتن لە شێوازی مێژووی زارەکی. ئەوەندەی بەردەست بووە سەرچاوەکانی تایبەی بەو کاتە سودی لێوەرگیراوە.

**تەوەری یەکەم/**

**دروستبوونی یانەی برایەتی تورکمان و قۆناغێکی تایبەت لە رەوشی لکتوری و رۆشنبیری و سیاسی تورکمان:**

لە عێراقی نوێدا، پاش بیستەکانی سەدەی بیست کە دەوڵەتی نوێ دروستبوو، ناوی تورکمان لە هیچ نوسراوێکی یاسایی فەرمی دەوڵەتی پاشایی و تەنانەت کۆماریشدا نەهات. لە نوسراوە فەرمیەکاندا لەسەردەمی پاشایەتی، عێراق بۆ سەرجەم عێراقیەکان بوو، واتە ناوی عێراق بەدیاردەخرا لەبری هەوڵدان بۆ دەرخستن و زاڵکردنی نەتەوەیەك بەسەر نەتەوەیکی تردا،[١] تارادەیەك تێگەیشتن و دنیابینی سیستمی پاشایەتی کراوەتر و عێراقیانە تر بوو، لەچاو سیستمی کۆماری بە سەردەمە جیاوازیەکانیەوە. کەواتە لە عێراقی پاشایەتیدا هەرچەندە ناوی تورکمان نەهاتبوو، بەڵام نەتەوەکانی تریش لەرووی رەگەزیەوە باڵاتر پیشان نەدەدران.

سەرەڕای ئەوەی کە باس لە مافی کەمینەیەکی دیاریکراو لە یاسای بنەرەتی عێراقدا لە ساڵی ١٩٢٥ نەکراوە, بەڵام ئاماژە بە چەند بنەمایەك کرابوو کە لە حکومەتەکانی دواتردا هەتاوەکو ساڵی ١٩٧٠ ئەو ئاماژانەش هەڵوەشێنرابوونەوە. لە دەستوری کاتی عێراق ساڵی ١٩٧٠ لە بەشی یەکەم دەربارەی مافەکانی گەل، و لە مادەی شازدەدا هاتووە "سەرجەم تایەفە جیاوازەکان مافی دامەزراندنی قوتابخانەیان هەیە بۆ فێرکردنی تاکەکانیان بە زمانی تایبەتی خۆیان و پاراستنی، بە مەرجێك لەگەڵ پرۆگرامی گشتی کە بە یاسا دیاری دەکرێت بگونجێت."[٢] لەگەڵ ئەوەشدا، لە مادەی حەڤدەدا هاتووە کە زمانی عەرەبی زمانی فەرمیە.[٣] لەسەر ئەوە بنەمایە وهەروەها بۆئەوەی لە کۆمەڵەی گەلان وەربگیرێت، عێراق لە ساڵی ١٩٣١ یاسای ژمارە ٧٤ی دەرکرد و تیایدا زمانی کوردی وەك زمانی فەرمی لەو ناوچانە ناساند کە زۆرینەی کوردن،[٤] و هەمان ماف بۆ کەمە نەتەوەکانی تریش وەك تورکمان دەرچوو.[٥]

حکومەتەکانی سەردەمی پاشایەتی لەسەر بنەمای نەتەوەیی پێکنەدەهاتن، بەڵام زۆرینەی وەزیر و بەرپرسە باڵاکان لە نەتەوەی عەرەب بوون, زۆر بە دەگمەن نەبێت وەزیرێکی نەتەوەکانی تر وەك تورکمان نابینرێن. تورکمان تەنها یەك وەزیریان هەبوو ئەویش بریتیبوو لە عیزەت پاشای کەرکوکی،[٦] کە پێشتر ئەفسەری سوپای عوسمانی بوو پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەسەر پشکی کەرکوك بوو بە ئەندامی ئەنجومەنی ئەشراف و پاشان لە یەکەمین کابینەی حکومەتی عبدولرەحمان نەقیب لە ساڵی ١٩٢٠ز بە وەزیری مەعاریف و تەندروستی دانرا.[٧]

ئەوەی گرنگە ئاماژەی بۆ بکرێت لە دەستورەکانی عێراقدا هەر لە دامەزراندنیەوە لە ساڵی ١٩٢٠ ەوە هەتاوەکو روخانی رژێمی سەدام حوسەین لە ساڵی ٢٠٠٣ بەهیچ شێوەیەك ناوی نەتەوەی تورکمان نەهاتوە و هیچ مافێکیان ئاماژەی بۆ نەکراوە. تەنها ناوی دوو نەتەوە ،کورد و عەرەب، وەك نەتەوەی بنەرەتی لە عێڕاقدا هاتووە وەك ، نەتەوەی سێیەم کە تورکمانە ئاماژەی بۆ نەکراوە.[٨] بەتایبەتی پاش کۆدێتای ٣٠ی تەمموزی حیزبی بەعس لە ساڵی ١٩٦٨ کە بەفەرمی رایگەیاند عێراق بەشێکی دانەبڕاو و جیانەکراوەیە لە نیشتمانی عەرەبی.[٩] لە یاسای بنەرەتی عێڕاقی ساڵی

---

١ بروانە یاسای بنەڕەتی عێراق: http://iraqld.hjc.iq:8080/LoadLawBook.aspx?page=1&SC=&BookID=170

٢ عبدالرزاق الحسنی، تاریخ العراق السیاسی الحدیث، ج١، ط٧، لبنان، ٢٠٠٨، ص٢٦٩.

3 https://www.hjc.iq/view.86/. 10/2/2019.

٤ د.شورش حسن عمر، خصائص النظام الفیدرالی، ط٢، مصر، ٢٠١٨، ص ٨٥.

٥ عبدالرزاق الحسنی، م.س، ص٢٧٠.

6 http://www.altaakhipress.com/printart.php?art=2243,10/2/2019.

7 https://algardenia.com/mochtaratt/36146-2018-07-02-10-05-11.html, 10/2/2019.

٨ رضا جولاق اوغلو، مصیر ترکمان العراق الی این، قارداشلق، ع٤٩، ٢٠١١، ص٦٣.

٩ م.ن، ص٦٢.

١٩٢٥ و دەستورەکاتیەکانی ١٩٧٠ و ١٩٧٣ و هەروەها ١٩٧٧ باس لە تورکمان نەکراوە.[١٠] یەکەمین دانپێدانانی فەرمی (سیاسی) تورکمان لە عێراقدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەرمانەی کە لە ساڵی ١٩٧٠ دەرچووە هەروەك لە تەوەری دووەمدا باسدەکرێت.

تورکمان قارداشلق ئۆجاغی (یانەی برایەتی تورکمان) یەکێکە لە گرنگترین ڕووداوەکان کە ڕۆڵی لە دەرکەوتنی سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتی تورکمان لە عێراق و کوردستانیش هەبوو. هەرچەندە، لەسەردەمی حیزبی بەعسدا کە هەوڵی تەواوەتی بۆ دەستبەسەرداگرتنی بەگەرخرا، بەڵام بە یەکێك لە گرنگترین کۆڵەکەکانی ناسنامەی سیاسی کۆمەڵایەتی تورکمان دادەنرێت. حکومەتی بەعس لە پاش هاتنە سەر دەستەڵاتەوە لە هەوڵی ئەوەدا بووە کە یانەی برایەتی تورکمان کە لە ساڵی ١٩٦٠ەوە دامەزرابوو، دەستیبەسەردا بگرێت.

ئەو حکومەتە نوێیەی لە بەغداد هاتە سەر کورسی دەستەڵات لە ساڵی ١٩٥٨ و سیستمی پاشایەتی کۆتایی پێهێنا،[١١] گەلانی عێراق و کوردستانیش ئومێدی زۆریان لەسەر هەڵچنی بوو[١٢]. تورکمان بەو هیوایەی بتوانن لەگەڵ گۆرانکاریەکانی ناو عێراقدا بگونجێن و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ناسنامەیەکیان بۆ دروستببێت هەوڵی دروستکردنی یانەیەکی کۆمەڵایەتیان بەگەرخست. پاش ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٥٩ی کەرکوك و ئەوبارودۆخە سیاسیەی کەرکوکی گرتەوە[١٣]، ژمارەیەك لە کەسایەتیەکانی تورکمان بەرەو شاری بەغداد ڕۆشتن و قۆناغێکی نوێ لە کاری پێکەوەیی لەژێر ناوی یانەی کۆمەڵایەتیدا دەستیپێکرد. ئۆجاغ ئەو ناوەبوو کەوا تورکمانەکان دەڵێن ووشەکە زیاتر هەڵدەگرێت لەوەی تەنها بە مانای یانە بێت و خۆیان دەڵێن مەبەست لە ئۆجاغ بریتیە لە "وەجاغ" یان نەوە .[١٤] کە ئەمەش زیاتر مانایەکی نەتەوەیی هەیە و گوازرشتە بۆ نەتەوەی تورکمان.

کۆمەڵێک لە کەسایەتیەکانی تورکمان کە پێکهاتبوون لە سیازدە کەسایەتی[١٥] لەوانەش: دکتۆر مردان علی، عبدالقادر سلیمان، شاکر صابر زابت، نجم الدین عزالدین، جمال عزالدین، جلال نقیب، دکتور یاسین عبدالکریم، دکتۆر ارجمن اوجی، سلیمان رفعت، بهاالدین محمد، جودت عبدالکریم، جمیل امین، محمد نوری عبدالرزاق.[١٦] پاش ژمارەیەك کۆبوونەوە بریاریاندا یانەیەك دروستبکەن بەناوی یانەی برایەتی تورکمان (تورکمان قارداشلق اوجاغی) داواکارییان

١٠ عمار علی السمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥المرکز العربی للابحاث و دراسة السياسات ،ط١، ٢٠١٢ ص٤٣٦.

١١ اوریل دان، العراق فی عهد قاسم، ت. جرجیس فتح الله، ط١، اربیل، ٢٠١٢، ص٤٦-٥٠: محمد سهیل طقوش، تاریخ العراق الحدیث و المعاصر، ط١، بیروت، ٢٠١٥، ص ٢٦٣-٢٦٥.

١٢ سمر فضل الله عبدالحمید، اکراد العراق تحت حکم عبدالکریم قاسم، رساله ماجستیر غیر منشورة مقدمة الی قسم التاریخ/ جامعه زقازیق، ٢٠١٣، ص١٣٤-١٣٦.

١٣ لە ١٩٥٩/٧/١٤ لە شـاری کەرکوک بەمەبەسـتی دەربڕینی خۆشـی بۆ یەکەمین سـاڵیادی شـۆڕشـی ١٤ی تەموز خۆپیشـاندان ئەنجامدرا. خۆپیشـاندانەکان لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەت لەلایەک و ژمارەیەک لە هاوڵاتی تورکمان لەلایەکی تر دەسـتیان پێکرد. پاش ئەوەی تەقە لە شـوێنێکی نادیارەوە کرا، ڕەوشـی خۆپیشـاندانەکان گرژی لێکەوتەوە و بەهۆیەوە نزیکەی ٢٨ هاوڵاتی تورکمان کوژران. پاش ئەو ڕوداوە بارودۆخی ناوکەرکوک ماوەیەک ناسـەقامگیری بەخۆوە بینی و کۆمەڵێک هاوڵاتی کورد کوژران. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: پشـکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری، شاری کەرکوک لەنێوان ساڵانی ١٩٥٧-١٩٧٧، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ٧٩-١٢٥.

١٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل، دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی تورکمان، هەولێر، (٢٠١٩/١/٢٨).

15 http://kardeslikocagi.org/pages?id=3

١٦ صبحی شیخ حسن، نادی الاخاء الترکمانی تاریخ... واصالء، الاخاء، ع٣٣٣-٣٣٤-٣٣٥، ٢٠١٧، ص٢-٣.

پێشکەشی حکومەت کرد بە مەبەستی وەرگرتنی رەزامەندی. لە ١٩٦٠/٥/٧دا حکومەتی عێراقی رەزامەندی لەسەر دامەزراندنی یانەی برایەتی تورکمان نواند و بە پێی یاسا بەرکارەکانی سەردەمی عبدالکریم قاسم بو بە یانەیەکی رێپێدراو.[١٧]

یانە لە رۆژی دامەزراندنیەوە هەتاوەکو کۆتایی دەستەڵاتی حیزبی بەعس پێنج سەرۆکی گۆریوە. یەکەمین سەرۆك دکتۆر مردان علی کە دووجار سەرۆکایەتی وەرگرتوە لە (١٩٦٠-١٩٦٣) و (١٩٧٤-١٩٧٥)، دووەم سەرۆك بریتیبوو لە عبدالقادر سلیمان (١٩٦٣-١٩٦٤). پاشان عبدالله عبدالرحمن (١٩٦٤-١٩٧٤) و (١٩٧٥-١٩٧٧)[١٨] وەك سەرۆك هەڵبژێردرا. دواتر دکتۆر صبحی کمال حسون (١٩٧٧-١٩٩٠)، پێنجەم و دوایین سەرۆك لەو سەردەمەدا بریتیە لە باسل عەتا خیرالله (١٩٩٠-٢٠٠٣).[١٩] دوو سەرۆکی کۆتاییان لەژێر چاودێری و بە ئاراستەکردنی حیزبی بەعس دانراون و جۆرێك لە سەپاندنی پێوە دیاربووە.

راستەوخۆ پاش وەرگرتنی رەزامەندی، یانە دەستیکرد بە وەرگرتنی داواکاری بۆ بە ئەندام بوون. لە قۆناغی یەکەمدا ١٢٣ کەس لە یانەکە وەك ئەندام وەرگیران. پاش ئەوە، دەستەی کارگێری کاتی، دەستەی دامەزرێنەر، بریاریاندا دەستەی کارگێری هەمیشەیی بۆ یانەکە هەڵبژێرن. نوێنەریان نارد بۆ شارەکانی موصل و کەرکوك و دیاله و هەروەها لەناو شاری بەغدادیش، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئەوانەی خوازیارن ببن بە ئەندام لە یانەکە. لە دەرنجامدا ٦٤ کەسی تر بە ئەندام وەرگیران.[٢٠]

یانە لە ١٩٦٠/٨/٥ یەکەمین کۆنفرانسی خۆی بەست و سەرۆك و دەستەی کارگێڕی دیاریکرد. [٢١] دەستەی کارگێڕی بە ئامادبوونی نوێنەری دادگای بەرایی کە(عبدالقادر دوری نوێنەری دادگا بوو) هەڵبژێردران و پێکهاتبوون لە دکتۆر مردان علی وەك سەرۆك (بۆ خولی ١٩٦٠-١٩٦١)[٢٢] کە زۆرترین دەنگی هێنا (١٠٥ دەنگ)، عبدالقادر سلیمان جێگری سەرۆك، جلال عزیز النقیب سکرتێر، نجم الدین عزالدین ئەمین صندوق. لەگەڵ ئەوەشدا، چوار کەسی تر وەك ئەندامی دەستەی کارگێڕی دەرچوون، و سێ کەسی تریش بوون بە یەدەگ.[٢٣] دووەمین دەستەی کارگێڕی یانە لە بەرواری ١٩٦١/٤/١٤ دەستبەکار بوون، هەرچەندە رایەك هەیە کە یەکەمین کۆبوونەوەی یانە لەو بەرواره بەستراوە [٢٤]. بەڵام لە واقیعدا یانە لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٠ەوە دەستی بە کۆبوونەوە و ئەنجامدانی چالاکی کردبوو.[٢٥]

ئەوەی یانەی برایەتی تورکمان جیادەکاتەوە و تایبەتمەندی پێدەدات کە جۆرێك بێت لە کۆبوونەوەی نەتەوەیی سیاسی لەژێر چەتر و ناونیشانی یانەیەکی کۆمەڵایەتی بریتبوو لە پسپۆریە جیاوازەکانی سەرۆك و ئەندامانی یانە، کە لەیەك پسپۆری و تایبەتمەندیەوە نەهاتبوون.[٢٦] ئەوانەی لەو یانەیە بوون هێزێکی مەعنەوی کۆی دەکردنەوە بریتبوو

---

١٧ حبیب الهرمزی، مذکرات صحفی ترکمانی، ط١، استانبول، ٢٠١٦، ص ١٦٠.

١٨ د. صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعة اعلام الترکمان، ج١، ط١، بغداد، ٢٠١٧، ص٢٧٥-٢٧٦.

19 http://kardeslikocagi.org/pages?id=4

٢٠ صبحی شیخ حسن، م.س، ص١٣-١٤.

٢١ ن. م، ص١٤. ئاماژەی بە ناوی سەرجەم ئەندامان کردووە.

٢٢ د. صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعة...، م.س، ص ٣٠٤.

٢٣ صبحی شیخ حسن، م.س، ص١٤.

٢٤ بروانە: امید ابراهیم جوزەلی، تاریخ الترك و الترکمان فی اربل اربیل، ط١، اربیل، ٢٠١٩، ص٢٦٢.

٢٥ الاخاء, ع٤, سنة ١, بغداد, ١٩٦١, ص١.

٢٦ حبیب الهرمزی، م.س، ص١٧٢.

لە تورکمانی بوون. هەرچەندە زۆرینەیان لە خانەوادەیەکی کەرکوکیەوە هاتبوون، بەڵام دیسان ئەوەش پەیوەندی بە رایەڵەی هاوزمانی بوون و تەنانەت هاو نەتەوەیی بوونەوە هەبوو. دکتۆر مردان علی پزیشك بووە و خەڵکی خانەقین بوو، عبدالقادرسلیمان مامۆستا بووە و کەرکوکی بوو، هەروەها نجم الدین عزالدین ژمێریار بووە و کەرکوکی بوو. لەوەش زیاتر دکتۆر ارجمند اوجی کۆلێژی کشتوکاڵی لە زانکۆی ئەستەنبول تەواو کردبوو و بڕوانامەی دکتۆرای لە هەمان زانکۆ وەرگرتبوو.[٢٧] دکتۆر یاسین عبدالکریم خەڵکی تەلەعفەر بووە و دکتۆرای لە مێژووی سیاسی لە ئەمریکا هەبوو.[٢٨] جیاوازی بڕوانامەی و شوێنی نیشتەجێبوون و لەدایك بوونی پێکهاتەی دەستەی بەرێوەبەری یانە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە کە کۆبوونەوەی ئەم هاوڵاتیانە لە یانەکەدا هەوڵێك بووە بۆ کۆبوونەوەیەکی نەتەوەیی، نەك تەنها کۆبوونەوەیەکی کلتوری کۆمەڵایەتی.[٢٩] ئەنجامدانی چالاکی سیاسی بە ئاشکرا لە دەرەوەی حکومەت کارێکی تاراددەیەك ئەستەم بووە، بەتایبەتی بە ئاشکرا. ئەمەش دوای هاتنی حیزبی بەعس زیاتر ڕووندەبێتەوە کە هەوڵ دەدات دەستبخاتە ناو کاروباری یانەکە. تورکمانەکان ویستوویانە کاری سیاسی بکەن بەڵام دەستەڵات هاوکار نەبووە لە عێراقدا هەتاوەو دروستبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

یەکێك لە کارەکانی یانە بریتیبوو لە کردنەوەی لقی نوێ لە شارەکانی عێراق کە تورکمانی لێنیشتەجێیە. لەبەرئەوە لە ساڵی ١٩٧١ لقی لە موصل کردەوە و دوای نزیکەی چوار ساڵ لقێکی نوێی لە هەولێر کردەوە. دەستەی بەرپرس و ئەندامان لە موصل پێکهاتبوون لە هەریەکە لە عبدالله محمود وەك سەرۆك، دکتور یاوز شفیق جێگری سەرۆك، عبد الستار صدیق ژمێریار، حسین احمد حسن سکرتێر، عونی علی بەرێوەبەری کارگێڕی، برهان ولی کوبرلو ئەندام، پارێزەر نورالدین خلیل ئەندام، عبدالغفور یوسف ئەندام، لەگەڵ دکتور احمد حاج موستەفا ئەندام.[٣٠]

یانەی برایەتی لە ١٩٧٤/١٢/٣١ لە هەولێر کرایەوە. ویداد ئەرسەلان دەڵێت "ئۆجاغی هەولێر وەك لقێك لە یانەی برایەتی تورکمان- بەغداد دروستکرا."[٣١] ئەسعەد ئەربیل هەمان تێروانینی هەیە و دەڵێت وەك لقێك لە ئۆجاغی بەغداد کرایەوە.[٣٢] پێکهاتەی مرۆیی لقی هەولێر لە یەکەمین دانیشتنی لقەکەدا لە بەرواری ١٩٧٥/٢/١٤ بریتی بوون لە صەنعان احمد ئاغا سەرۆك، صەلاحەدین مەردان جێگر، وداد خورشید ارسلان وەك سکرتێر، عەبدولەتیف توفیق بەرێوەبەری کارگێری، کمال موستەفا ئەمین صندوق، هەروەها حەمزە عوسمان یونس، حیدر سید غریب، حسن قرنی، فواد حاج فائق سەرجەمیان وەك ئەندام هەڵبژێردران.[٣٣]

یانەی برایەتی تورکمان/هەولێر هەوڵیدەدا بە نهێنی کاروباری سیاسی ئەنجامبدات. بەڵام لەوکاتە بیرۆکەی رێکخراوی سیاسی گەڵاڵەنەبوو. بەڵام بەشێك لە خەڵکی ئاسایی تورکمان پەیوەندیان کرد بە شۆرشی کوردیەوە. نیازی قایاجی لە یەکێتی بوو بە پێشمەرگە و لە تۆپخانەی یەکێتی کاریدەکرد. عبدالله توفیق کە بە بەتەڵ هەندرێن ناسرابوو،

---

٢٧ صبحی شیخ حسن، م.س، ص٥-٩.

٢٨ د. صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعة...، م.س، ص٢٦٤.

٢٩ امید جوزەلی، م.س، ص ٢٦٢.

30 http://kardeslikocagi.org/pages?id=10

٣١ لقاو مع رئیس تورکمن قارداشلق اوجاغی وداد ارسلان، تورکمن ایلی، ع ٢٢٠، (٢٠٠٠/١/٢)، ص٥.

٣٢ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد شاکر ئەربیل.

33 http://kardeslikocagi.org/pages?id=10

لەناو حیزبی شیوعی کاریدەکرد.[٣٤] زۆرینەی ئەوانەی ناو ئۆجاغی هەولێر هەرچەندە پارتی سیاسیان دروستنەکرد بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەعسی نەبوون.[٣٥] وەک دەردەکەوێت تەنها لە شێوەی هەوڵی تاکەکەسیدا تورکمان بە ڕاستەوخۆیی دژ بە حکومەتی بەعس بەشداری شۆرش بوون.

سەرەڕای ئەوەی یانەی برایەتی تورکمان لە شارەکانی وەك هەولێر و موصل لقی کردەوە، بەڵام لقی کەرکوك نەکرایەوە هەرچەندە کەرکوك وەك ناوچەیەکی گرنگی تورکمانەکان دەژمێردرێت. هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕژێم مەترسی هەبوو لەسەر ئەوەی کە یانەکە ببێتە ناوەندێك بۆ کۆبوونەوەی سیاسی و دژایەتی دەستەڵاتی پێبکرێت.[٣٦] لەوەش زیاتر، وەك جۆرێك لە زەقکردنەوەی تورکمان و ناساندنی زیاتریان لەناو هەولێر دەبینرا بە مەبەستی ڕۆڵپێدانی زیاتریان لەبەرامبەر کورد،[٣٧] لەبەرئەوەی بزوتنەوەیەکی کوردی بەهێز لە شاری هەولێر هەبوو. "بۆ نمونە تەنانەت تەعریب کردن لە هەولێر نەبوو یان کەمتر بوو".[٣٨] نەدەکرا بۆ ڕژێم کە دژایەتی هەردوو نەتەوە بکات. سەرەرای ئەوانە، رژێم بە جۆرێك لە جۆرەکان لە رووی دیمۆگرافییەوە هەولێری تەسلیم بە بزوتنەوەی کوردی کردبوو.

یانەی برایەتی تورکمان کە تاکە دەرچەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسی تورکمان بوو لە سەرەتاکانی حوکمی بەعس، ژمارەیەك گرفتی سیاسی بۆ دروستکرا. پاش هاتنە سەر دەستەڵاتی ئەحمەد حەسەن بەکر هەرچەندە سەرۆکی کۆمار بوو، بەڵام دەستەڵاتەکان زیاتر لەلایەن سەدام حسێنەوە پیادەدەکران. سەدام بۆ ئەوەی دەستەڵات بەتەنها لەدەستی خۆی بهێڵێتەوە هەوڵیدا سەرجەم دامەزراوە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەکان دەستبەسەردا بگرێت.[٣٩] ناوەندە تورکمانیەکانیش پشکیان بەپێی بوونی خۆیان بەرکەوت. گۆڤاری قارداشلق کە لە لایەن یانەی برایەتی تورکمانەوە دەردەچوو، لە ساڵی ١٩٦٤ەوە بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی بە پیتی تورکی نوێ "لاتینی" دەستپێکردبوو، حیزبی بەعس بە نوسراوی وەزارەتی راگەیاندن لە بەرواری ١٩٧١/١٠/٢ بریاریدا بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی پیتی تورکی نوێ لە بڵاوکراوەکەدا.[٤٠] ئەم بڕیارە سەرەتایەك بوو بۆ دەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆیی گۆڤارەکە و بەرتەسککردنەوەی ئازادی نوسین بە تورکی.

عبدالقادر سلیمان یەکێك لە نووسەرە دیارەکانی گۆڤاری قارداشلق لەلایەن رژێمەوە فشاری دەخرێتەسەر و پاشان لە سەرۆکی دەستەی نووسەران دووردەخرێتەوە، وەك هەوڵێك بۆ لاوازکردنی پێگەی رۆژنامەکە لەناو کۆمەڵگا تورکمانیدا. هۆکاری لادانی عبدالقادر سلیمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نووسینانەی کە ناوبراو لە گۆڤارەکەدا بڵاویدەکردنەوە, بەتایبەتی زنجیرە ووتاری "کل لسان بانسان".[٤١] نووسەر لە وتارەکەیدا گرنگی دەدا بە باسکردنی زمانی تورکمانی و هەوڵدان بۆ برەوپێدانی.[٤٢] سەرەڕای ئەوەش، عبدالقادر سلیمان لە سیمینارەکانیدا لە یانەی برایەتی تورکمان لە بەغداد چەند جارێك لە باسکردنی گرنگیی زمانی دایك، ئاماژەی بە هەوڵەکانی بەعسدابوو بۆ لاوازکردنی زمانی تورکمانی.

---

٣٤ چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار اربیل، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی تورکمان ئیلی، هەولێر، (٢٠١٨/٧/١٤).

٣٥ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

٣٦ چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار اربیل، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی تورکمان ئیلی، هەولێر، (٢٠١٨/٧/١٤).

٣٧ چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد ئەربیل.

٣٨ چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار اربیل.

٣٩ علاء هادی الحطاب، من المعارضة الی الحکم تجربة المعارضة العراقیة ١٩٦٨-٢٠٠٣، ط١، بغداد، ٢٠١٩، ص٨٨-٨٩.

٤٠ حبیب الهرمزی، م.س، ص٢٢٧.

٤١ عبدالقادر سلیمان، کل لسان بلسان، الاخاء، ع٦، سنة٤، ١٩٦٤، بغداد، ص٢-٤

٤٢ عبدالقادر سلیمان، ن.م، ع٧، ع٨، ص٢.

لەوەش زیاتر، عبدالقادر سلیمان لە کۆڕێکیدا لەناو یانەی برایەتی تورکمان باسی سەرجەم ناوچە تورکمانیەکان لە قەزا و ناحیە و لادێکان کردبوو کە ناوەکانیان لەلایەن دەسەڵاتەوە گۆردرابوون. ئەم بابەتانە سەرجەمیان لەرێگای سیخورەکانی رژێمەوە دەنێردرێن بۆ ئاسایش و پاشان لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە/ پارێزگای بەغداد بریاری لادانی ناوبراو لە ئەندامێتی یانەی برایەتی تورکمانی دەردەکات و لەگەڵ ئەوەشدا، لە ژێر مانەوەی ناچاریدا لە ماڵەکەی خۆی دەهێڵرێتەوە[٤٣] و قەدەغە دەکرێت لە خزمانی هەتاوەکو پلەی چوار کە سەردانی یانە بکەن. بریارەکەی حکومەت لەساڵی ١٩٧٥ و بە نوسراوی ژمارە ٢٢٨٢ لە لایەن پارێزگای بەغدادەوە دەرچووە.[٤٤]

پاش بریارەکەی حکومەت، دەستەی کارگێڕی یانە بە مەبەستی دانانی کەسێکی نوێ لە شوێنی عبدالقادر سلیمان کۆبوونەوەی ئەنجامدا.[٤٥] لە رۆژی ١٩٧٥/٧/٢٠ دەستەی کارگێڕی بریاریدا فخرالدین ارکیج بە سەرنوسەری گۆڤارەکە دابنێت و هەریەکە لە حبیب الهرمزی و دکتۆر رەزا دەمیرجی ئەندامانی دەستەی نووسەران بوون.[٤٦] سەرجەم دەستەی نوێ لەو کەسانە نەبوون کە ئینتیمایان بۆ حیزبی بەعس هەبوبێت. هەتاوەکو ئێرە حیزبی بەعس هەوڵی دەدا لەرێگەی ترساندن و دەرکردنەوە یانە و گۆڤارەکەش بخاتە خزمەت حیزبەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو، بەتایبەتی پاش ئەوەی دەستەی نوێ دانران، لەبەرئەوە هەوڵیدا کەسانی نزیك لە حیزب بکات بە ئەندامی یانەی برایەتی تورکمان.

بەر لە لابردنی عبدالله عبدالرحمن لە سەرۆکی یانە، حیزبی بەعس لەڕێگەی وەزیری ناوخۆی ئەوکاتە عززت دوری داوای کردبوو کەسێکی نوێ وەربگرن بۆ ئەندامێتی یانە، ئەویش بریتبوو لە عەبدولەتیف بەندەر ئوغلو، بەڵام بە پێی گێرانەوەی حبیب الهرمزی ناوبراو رازی نابێت کە بەندەر اوغلو وەرگرن.[٤٧] لێرەوە حیزبی بەعس هەوڵەکانی چڕدەکاتەوە بۆ دەستبەسەرداگرتنی یانە و گۆڤارەکەش.[٤٨]

پاش ئەوەی دەستەی بەڕێوەبەرانی یانە لە نیەتی ڕژێم تێگەشتن بڕیاریاندا کەوا هەڵبژاردن بۆ دەستەی بەرێوەبەردن ئەنجامبدەن. بۆ ئەو مەبەستە, پاش کۆبوونەوەی یانە بەسەرۆکایەتی عبدالله عبدالرحمن, بریاریاندا کەوا نوسراو بکەن بۆ پارێزگاری بەغداد بە مەبەستی وەرگرتنی رەزامەندی لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە بەرواری ١٩٧٦/٤/٢٢. پارێزگار لەو کاتەدا بەفەرمی وەڵامی یانەی دایەوە بە دواخستنی هەڵبژاردنەکان بۆ ماوەی مانگێك، ئەم وەڵامەی حکومەت نوێ بوو بۆ یانە، لەبەرئەوەی لە ساتی دروستبوونبیەوە ئەوە یەکەمینجار بوو کە حکومەت رەزامەندی لەسەر کاتی هەڵبژاردن نەدا. لەوەش زیاتر، دوای ئەوەی کە دەستەی کارگێڕی دووبارە داوای رەزامەندییان کردەوە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن، بەڵام ئەم جارەیان پارێزگا فەرمانی کرد کە هەڵبژاردن دواخراوە بۆ کاتێکی نادیار.[٤٩] دواخستنی هەڵبژاردنەکان بە مەبەستبووە لە لایەن حکومەت لێرەوە بەرروونی دەردەکەوێت کە نیەتی بریتیبووە لە دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی یانە و ئەویش بە هێنانی کەسانی نوێ بۆناو دەستەی بەڕێوەبردن.

---

٤٣ د. صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعة ...، م.س، ص٢٣٣.

٤٤ حبیب الهرمزی، م.س، ص٢٢٦-٢٣٠.

٤٥ د. صباح عبدالله کرکوکلی، اعلام الصحافة الترکمانیة فی العراق ١٩٠٠-٢٠٠٣، بغداد، ط١، ٢٠١٣، ص٨٥.

٤٦ مجلة الاخاء، ع١١و١٢، سنة١٦، ١٩٧٦، ص ١٤.

٤٧ حبیب الهرمزی، م.س، ص٢٢٩-٢٣٠.

٤٨ صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعه ...، م.س، ص ٢٧٦.

٤٩ حبیب الهرمزی، م.س، ص٢٣٤-٢٣٥.



**JZSB** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

عبدالله عبدالرحمن وەك كەسايەتى ديارى ناو يانە رازى نابێت بە هێنانە ناوەوەى كەسانى نوێ بێ رەزامەندى دەستەى كارگێڕى، لەبەرئەوە حيزبى بەعس راستەوخۆ دەستوەردان دەكەن و هەوڵ بۆ لابردنى ناوبراو دەدەن.بۆئەو مەبەستە حكومەت بە هەوڵدان بۆ لە كارلادانى ستافى بەڕێوەبەرانى يانەكە دەستپێوەردانى كرد. لەساڵى ١٩٧٧دا حكومەت فشارى خستە سەر صبحى كمال حسون بەمەبەستى خۆ پاڵاوتن بۆ پۆستى سەرۆكى يانە، لە كاتێكدا عبدالله عبدالرحمن كەسايەتى ناسراوى توركمان هەر لە ساڵى كردنەوەى يانەكەوە سەرۆكى يانەكە بوو. هەرچەندە لە هەڵبژاردنەكەدا بەرامبەر عبدالله عبدالرحمن سەرنەكەوت، بەڵام رژێم بە زەبرى هێز هەستان بە دانانى صبحى كمال بە سەرۆك و دوورخستنەوەى عبدالله عبدالرحمن لە يانەكە. [٥٠]

بەهۆى رازى نەبوونيانەوە دەستەى بەڕێوەبەرانى يانە و گۆڤارى قارداشلق دەستيان لەكاركێشايەوە و ئامادەنەبوون لەگەڵ دەستەى نوێ كاربكەن.[٥١] ئەمەش گرفتى لەنێوان هەردوو دەستەدا دروستكرد. دەستەى نوێ هەستان بە تۆمەتباركردنى دەستەى كۆن بە ناروونى دارايى و ديارنەمانى پارە، تەنانەت داواى ياساييان لەدژ تۆماركردن لە دادگا، بەمەبەستى ناوزراندنى دەستەى پێشوو. پاش ئەوەى بۆيان روونبويەوە كە هيچ پارەيەك نەخوراوە بێ رێنمايى، داواكەيان كشاندەوە.[٥٢]

صبحى كمال حسون و ئيدارەى نوێ لە يەكەم ژمارەى گۆڤارى قارداشلق پاش دەستبەكاربوونيان باس لەو دەكەن كە ئەوان بە پێى ياسا دانراون و بە فەرمانى ئەنجومەنى باڵاى شۆڕش. لەوەش زياتر، دەڵێن كە سەرۆكايەتى ئەنجومەنى شۆڕش بڕيارێك دەرناكات پێچەوانەى دەستوور و چاكەى گشتى بێت. باسكردنى ئەم بابەتە تەنها بەمەبەستى شەرعيەتدان بووە بە دەستە نوێيەكان و هەروەها دەردەكەوێت كە لەلايەن جەماوەرى توركمانى ئەو سەردەمەوە بە گەرم و گوڕى پێشوازييان لێنەكراوە.[٥٣] دەستەى نوێى يانە داوايانكرد لە دەستەى پێشوو كە بگەڕێنەوە بۆ ناو يانە و هەروەها بۆ گۆڤارى قارداشلق لە ساڵى ١٩٧٧، بەڵام دەستەى كارگێڕى پێشوو رازى نابن وناگەڕێنەوە بۆ كاركردن بۆ گۆڤارەكە. [٥٤]

رژێم وەك هێزێكى تۆتاليتارى كە بۆ مانەوەى پێويستى بەوە هەبوو دەستوەربداتە سەرجەم كايەكانى كۆمەڵگا و پاش ئەوەى مەترسى ئەوەى بۆ دەركەوت كە يانە خزمەت بەسياسەتەكانى حيزب ناكات هەستا بە لابردنى دەستەى بەرێوەبەران و دانانى دەستەيەكى نوێ كە لەژێرفەرمانى حيزبدابن.[٥٥] حكومەت راستەوخۆ لە سەرۆكى يانەكەوە دەستيپێكرد و هەستان بە دياريكردنى صبحى كمال حسون وەك سەرۆكى نوێى يانە. بەم جۆرە حيزبى بەعس دەستيگرت بەسەر يانەى برايەتى توركمان و هەتاوەكو كۆتايى دەسەڵاتى رژێم بەوجۆرە ئيدارەى يانەكە بەرێوەبرا.[٥٦]

---

٥٠ وليد شركه، صفحات مضيئة من تاريخ الشعب التركماني، اربيل، ٢٠٠٠، ص٥.

٥١ زاهد البياتي، ليله القبض على الاخاء من حوادث الصحافة التركمانية، قارداشلق، ع ٦٥، سنة١٧، ٢٠١٥، ص ٥٣-٥٤.

٥٢ حبيب الهرمزي، م.س، ص ٢٤٢-٢٤.

٥٣ حسن اوزمن، م.س، ص١٢٤.

٥٤ حبيب الهرمزي، م.س، ص٢٤٧-٢٤٩.

٥٥ صبحى ساعتجى، الكيان التركماني فى العراق، ت. حبيب الهرمزي، استبول، ٢٠١٤، ص٢٤١.

٥٦ بۆ زانيارى زياتر بڕوانە: مجلة الاخاء، ع ٩و١٠، سنة١٨، ١٩٧٩، ص٢-٧.

**تەوەری دووەم:**

**بەیاننامەی ٢٤ كانونی دووەمی ساڵی ١٩٧٠ و كاریگەری لەسەر ڕەوشی كلتوری و سیاسی توركمان:**

بەر لە دەركەوتنی سیاسیانەی توركمان لە عێراق، دەوڵەتی عێراقی سەردەمی حیزبی بەعس لە پاش دوو ساڵ لە هاتنە سەردەستەڵاتی و لە ساڵی ١٩٧٠ هەستا بە پێدانی كۆمەڵێك مافی كولتوری بە كەمینەی توركمان لەو ناوچانەی كە توركمانی لێ نیشتەجێیە. [٥٧] لە ٢٤ی كانونی دووەمی ١٩٧٠ فەرمانێك لە ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش دەرچوو بە ناوی "مافە كولتوورییەكانی نەتەوەی توركمان".[٥٨]

بڕیاری ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆرش تایبەت بە مافە كولتوری و ڕۆشنبیریەكانی توركمان چەند بەندێكی لەخۆ گرتبوو، لەوانە: خوێندن بە زمانی توركمانی لەو ناوچانەی زۆرینەی توركمانن، و كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی تایبەت بە كاروباری توركمانەكان لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و ڕۆشنبیری. ئەگەر تەماشای سەرجەم بەندەكان بكەین دەبینین هیچ ئاماژەیەكی بۆ مافی سیاسی و بەشداری سیاسی تیانیە، هەرچەندە كە ڕێگای داوە بە دەرچواندنی هەفتەنامەیەك بەڵام ئەوەی تیا ڕوونكردۆتەوە كە پێویستە گرنگی بە بواری ڕۆشنبیری بدات.[٥٩] لێرەوە دەردەكەوێت كە حكومەت وەك دیارییەك ئەو مافانەی بەخشیبوو بە توركمان نەك لە دەرەنجامی دانوستاندن لەگەڵ لایەنی بەرامبەر هەروەك لە بابەتی تایبەت بە لایەنی كوردی هاتبوو،[٦٠] لەبەرئەوەی كورد خاوەنی پرۆژە و پارتی سیاسی و خەباتی سیاسی ڕوون بوون.[٦١]

بەیاننامەی مافە كولتوریەكانی توركمان لە كاتێكدا دەرچوو كە عێراق لە ساڵی ١٩٦٩ هەستا بە ئیمزا كردنی بڕیاری نەتەوەیەكگرتوەكان تایبەت بە لەناوبردنی ڕەگەزپەرستی و هەمووكارێك تایبەت بە هەڵاوێردنی نەتەوەیی و ڕەگەزی. ئەم بڕیارەی نەتەوە یەكگرتوەكان لەساڵی ١٩٦٥ دەرچووە، بەڵام لەساڵی ١٩٦٩ كەوتە بواری جێبەجێ كردن، عێراق وەك بەڵگەیەك بۆ نیشاندانی نیەتپاكی ئەوبەیاننامەیەی دەركرد.[٦٢] ڕووداوەكانی دواتر و ڕێوشوێنە ئەمنیەكانی دواتری حیزبی بەعس دەریدەخات كە عێراق مەبەستی نەبووە بەجدی كار بۆ پێدانی مافی كەمەنەتەوەكان بكات، بەڵكو تەنها وەك كارتێك بۆ ڕازیكردنی كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەكاریهێنا. لەوەش زیاتر، حەردان تكریتی لە یاداشتەكانیدا دەڵێت كە ڕژێمی بەعس هیچكاتێك جدی نەبووە لە پێدانی ماف بە كەمەنەتەوەكان لە عێراقدا.[٦٣] بەدیوێكی تردا، پێدانی ئەو مافانە بە چەند هەفتەیەك بەر لە واژوو كردنی بەیاننامەی یازدەی ئازار ئەوەی لێدەخوێندرێتەوە كە حكومەتی عێراق ویستویەتی توركمانەكان لە كورد دوور بخاتەوە.

ئەوەی كە پێویستە ئاماژەی بۆ بكرێت پێشینەكان و ڕووداوەكانی بەر لە دەرچوونی فەرمانی مافە كولتوریەكانی توركمانە، هەروەك ژمارەیەك نوسەر لە نوسینەكانیاندا بنەما و هۆكارەكانی ئەو فەرمانە دەگێڕنەوە بۆ چوار ساڵ پێشتر و بەتایبەتی لە سەردەمی عبدالرحمن عارف. یانەی برایەتی توركمانی لەساڵی ١٩٦٦دا نامەیەك دەنێرێت بۆ خودی

---

57 A. G. Kayili, "*the Iraqi Turkmen 1921-2005*", (unpublished M.A, 2005), Pp.34-35.

٥٨ وقائع العراقية، قرار رقم ٨٩، ع ١٨٣٥، (١٩٧٠/١/٣١).

٥٩ الاخاء، ع١٠، سنة ٩، ١٩٧٠، ص٢.

60 M. M. Gunter, "the A to Z of the Kurds", (Plymouth, UK, 2009), p131.

٦١ نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی كورد، و. عەتا قەرەداخی، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٥٣-١٦٧.

٦٢ ارشد هرمزی، التركمان و الوطن العراقی، ط٣، بیروت، ٢٠٠٥، ص١١٥-١١٦.

63 A. G. Kayili, Ibid, P.36.

عبدالرحمن عارف (١٩٦٤-١٩٦٨ [٦٤]) و تیایدا پیرۆزبایی دەستەڵاتگرتنە دەستی لێدەكەن و پاشان ژمارەیەك داواكاری هاوڵاتیانی توركمانی پێشنیار دەكەن. لە میانەی ئەو نوسراوەدا هاتووە كە: "داننان بە توركمانی عێراق وەك نەتەوەی سێیەم لە دەستوردا، لەبەرئەوەی لەوكاتەدا نوسینەوەی دەستور و دەنگدان لەسەری لە عێڕاقدا نزیكبووە".[٦٥] ئەگونجێت ئەوەش وەك یەكێك لە هۆكارەكانی راگەیاندنی بریارنامەی مافە كلتوریەكانی توركمان ئەژماربكرێت.

هۆكارەكانی دەرچواندنی پێدانی مافە كولتوریەكان بە توركمان هەرچی بێت، بۆ ئەوسەردەمەی عێراق دەنگدانەوەی بەهێز و كاردانەوەی بەرفراوانی لای هاوڵاتیانی توركمان هێنایەكایەوە. بریارەكە لای هاوڵاتیانی توركمانی بە دڵخۆشیەوە پێشوازی لێكرا. لە رۆژی دووەمدا، واتە پاش رۆژێك لە راگەیاندنی بریارەكە، خۆپیشاندان و رێپێوانی بەرفراوان بۆ پشتگیری لە بریارەكە لە شارەكانی كەركوك و توزخورماتو چەندین ناوچەی تر بەرێوەچوو.[٦٦] تەنانەت سەرۆك كۆماری عێراق پێشوازی لە ژمارەیەك لە كەسایەتیە توركمانەكان كرد و پیرۆزبایی دەكرد و پێیراگەیاندبوون كە ئەو عەقڵیەتەی پێشتر حوكمی عێراقی دەكرد هۆكاربوو بۆ پەراوێزخستتنی توركمان و ئیتر ئەو سەردەمە بەسەر چووە و قۆناغێكی نوێی سیاسی بۆ نیشتتمان هاتوەتە پێشەوە.[٦٧]

بزوتنەوەی توركمانی پێشــكەوتنخواز رێكخراوێكی توركمانی بوو لەلایەن عەبدولەتیف بەندەر ئۆغلۆو چەند كەسـایەتیەكی توركمانەوە دامەزرابوو) ، كە نزیك بوون لە رژێمەوە و راسـتەوخۆ پاش كودەتای ١٩٦٨ دامەزرابوون،[٦٨] بەیاننامەی پیرۆزبایی دەركرد و رایگەیاند كە باوەڕی بە چارەنوسی هاوبەشی نێوان نەتەوەی عەرەب و توركمان هەیە و پێی وایە كە توركمان بەشـێكە لە گەلی عێراق و تەنها خاكی عێراق نیشـتمانیانە و چارەنوسـیان بەسـتراوەتەوە بە عێراقەوە. ئەم هەڵوێستە وەك بەشێك لە پشتیوانی هاوڵاتیانی توركمان بۆ بڕیارەكانی ٢٤ی كانونی دووەم نیشاندرا.[٦٩]

یانەی برایەتی توركمان لە ساڵیادی راگەیاندنی بەیاننامەكەی ٢٤ی كانونی دووەم ئاهەنگێكی جەماوەرییان لە سینەما صلاح الدین لە كەركوك رێكخست بۆ پشتیوانی كردن لە مافە كولتوریەكان، ئەرشەد هورمزی دەڵێت لە ئاهەنگەكەدا داواكاری جێبەجێكردنی سەرجەم بەندەكانی بەیاننامەكە بەرزكرایەوە.[٧٠] لەم كاتەدا رژێمی بەغداد بەتایبەتی بەرپرسانی كەركوك بە هۆكاری جیاواز لە هەوڵی هەڵپەساردن و لەكار خستنی خاڵەكانی بەیاننامەكە بوون.

لەسەر بنەمای جێبەجێكردنی خاڵەكانی بەیاننامەی مافە كولتووریەكان، بەتایبەتی خاڵی چوارەم كە دەڵێت "ئەدیب و شاعیران و نوسەرانی توركمان دەتوانن یەكێتی تایبەت بەخۆیان دابمەزرێنن بۆ چاپكردن وبڵاوكردنەوەی بەرهەمەكانیان و هاوكاری كردنیان. ئەم یەكێتیە سەر بە یەكێتی ئەدیبانی عێراق دەبێت." دوو لیستی جیا پێشكەشكرا بە وەزارەتی ناوخۆی حكومەتی عێراق بە مەبەستی رەزامەندی وەرگرتن بۆ كردنەوەی یەكێتی ئەدیبانی توركمان.

لیستی یەكەم لەلایەن توركمانە نەتەوەییەكانەوە بوو بەتایبەتی ئەو كەسایەتیانە بوون كە لە گۆڤاری قارداشلق نوسینیان بڵاو دەكردەوە و سەر بە یانەی برایەتی توركمان بوون.[٧١] دەستەی دامەزرێنەر پێكدەهاتن لە هەر یەكە لە

---

٦٤ جعفر عباس حمیدی، تاریخ الوزارات العراقیة فی العهد الجمهوري ١٩٥٨-١٩٦٨، ج ٩، ط١، بغداد، ٢٠٠٥، ص ١٣-١٦.

٦٥ مجلة الاخاء، ع ١و٢، سنة٦، ١٩٦٦، ص ٢-٣.

٦٦ مجلة الاخاء، ع١٠، سنة٩، ١٩٧٠، ص ٧-١٢.

٦٧ د. صباح عبدالله كركوكلی، موسوعة ...، م.س، ص٤٤-٤٥.

٦٨ صلاح الدین ناجی اوغلو، طوزخورماتو قدیما و حدیثا، طوز، ٢٠٠٥، ص٧٩-٨٠.

٦٩ صباح عبدالله كركوكلی، م.س، ص٤٥.

٧٠ ارشد الهرمزی، م.س، ص ١١٧.

٧١ بروانە: صبحی ساعتجی، الكیان التركمانی...، م.س. و حبیب الهرمزی، مذكرات صحفی تركماني، استانبول، ٢٠١٦.

یاسین عبدالکریم، دکتور ئەنوەر علی، خورشید کازم، حلمی عوسمان، حەبیب هورمزی، وەحیددین بەهادین، شاکر صابر زابت، لەگەڵ جمال عیزەدین. زۆرینەی ئەم کەسایەتیانە لەو سەردەمەدا سەر بە حیزبی بەعس یان دەوڵەت نەبوون، لەبەرئەوە داواکاریەکەیان وەڵامنەدرایەوە.[٧٢]

لیستی دووەمیان بزوتنەوەی تورکمانی پێشکەوتنخواز پێشکەشی کرد. بزوتنەوەی تورکمانی پێشکەوتنخواز لەبەرئەوەی نزیك بوون لە دەستەڵاتەوە توانیان رەزامەندی بۆ کردنەوەی یەکێتیەکە لە حکومەت وەرگرن.[٧٣] دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیەکە بریتیبوون لە عەبدول لەتیف بەندەر ئوغلو ( دواتر بوو بە بەرێوەبەری رۆشنبیری تورکمان)[٧٤]، عادل فواد، عبدالله خلیل، لەگەڵ حسن علی بیاتی.[٧٥] یەکێتی ئەدیبانی تورکمان هەتاوەکو ساڵی ١٩٨٤ بەردەوام بوو، بەڵام لەو ساڵەدا سەرجەم یەکێتیەکان کۆکرانەوە لەژێر چەتری یەکێتی گشتی ئەدیبان و نوسەرانی عێراق.[٧٦]

هەرلەوماوەیەدا بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری تورکمان دامەزرێنرا و وەك بەرێوەبەرایەتیەك سەر بە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی عێراقی. بەڕێوەبەرایەتیەکە لەلایەن ئەدیب و نوسەرانی تورکمان سەرپەرشتی دەکرا کە ژمارەیەك کاری گرنگی ئەنجامدا. گرنگترین دەستکەوتەکانی بریتیبوو لە دەرکردنی گۆڤاری دەنگی یەکێتی (صوت الاتحاد- بیرلیك سەسی) بەهەردوو زمانی تورکمانی و زمانی عەرەبی، هەروەها هەفتەنامەی نیشتمان (یورد) بە زمانی تورکمانی.[٧٧]

هەروەك تێبینی دەکرێت،پاش ماوەیەکی کەم لە دەرچوونی بریارەکانی تایبەت بە مافە کلتوریەکانی تورکمان، بوژانەوەیەکی بەرچاو رووی لە رەوشی رۆشنبیری و سیاسی تورکمان کرد. هەروەها هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ گەشەسەندنی هەستی نەتەوایەتی لای تورکمان و سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ بوژانەوەی زمان و رێنووسی تورکمانی، هەروەها لەوانەش گرنگتر کاریگەری لەسەر دەسپێکردنی جوڵانەوە سیاسیەکانی تورکمان هەبوو هەرچەندە, لەشێوەی تاك و گروپی بچوك بچوکیشدا بێت. لەبەرئەوە حکومەتی عێراقی دەستیکرد بە پاشەکشە کردن لە بەردەوام بوون لەسەر جێبەجێکردنی بریارەکان و هەوڵەکانی بۆ هەڵوەشانەوەی دەستپێکرد.

بەشێك لە فەرمانبەرانی سەر بە حیزبی بەعس لەناو حکومەتدا هەستان بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێك هەواڵ و هەروەها راپۆرتیان دەنوسی بۆ سەرووی خۆیان کەوا خەڵکی تورکمان منداڵەکانیان نانێرن بۆ قوتابخانە تورکمانیەکان و رازی نابن منداڵەکانیان لەو جۆرە خوێندنگایانەدا خوێندن تەواو بکەن کە داهاتووی دیارنەبێت. سەرەرای ئەوەش، تەنانەت نوسراوی داواکارییان دروستدەکرد بەناوی بنەماڵە تورکمانیەکانەوە کە گوایە داوای ئەوەیان کردوە منداڵەکانیان بۆ خوێندنگای تورکمانی ناچن.[٧٨]

عبدالله عبدالرحمن لە مانگی دووی ساڵی ١٩٧١ نامەیەکی نارەزایی بۆسەرۆکایەتی کۆمار دەنێرێت. تیایدا، باس لەوە دەکات کە "لیژنەی تایبەت بە پەروەردەی سەر بە پارێزگا لە کۆنوسی خۆیدا دیاریکردبوو کە ئەو قوتابخانانەی پێویستە

---

٧٢ صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعة...، م.س، ص ٤٦-٤٧.

٧٣ ن.م، ص٤٨.

74 Semsetten Kuzeci, 'Poets of Kirkuk; Iraq Turkman poets', trns. N. Dursun, (Ankara, 2014, p. 22.

٧٥ صباح عبدالله کرکوکلی، موسوعة ...، م.س، ص٤٨.

٧٦ صباح عبدالله کرکوکلی، اعلام الصحافه ...، م.س، ص ٣٢-٣٣.

٧٧ نصرت مردان، الصحافه الترکمانیة فی العراق بین قرنین ١٩١١-٢٠٠٦، ط١، استانبول، ٢٠١٠، ص١٦٨-١٧١.

٧٨ صبحی ساعتجی، م.س، ص٢٣٥.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

خوێندن تیایاندا بە توركمانی بێت بریتیە لە ١٣٠ قوتابخانە، بەڵام بە كرداریی لە ٤٠ خوێندنگا وانە دەخوێنرێت. لەوەش زیاتر، لە شاری موصل لیژنەی پارێزگا پێشنیاری كردنەوەی ٤٠ خوێندنگەی كردبوو، بەڵام هیچكام لە خوێندنگەكان نەكراونەتەوە. "[٧٩] بەكرداری تەنها سیازدە قوتابخانە لە كەركوك دەستیان بە خوێندن كردبوو.[٨٠] هەروەها لە دیالە و نەینەواش كە پێشنیار كرابوو بۆ هەریەكەیان دە خوێندنگا بكرێنەوە بەڵام هیچ خوێندنگایەك نەكراوەتەوە.[٨١] هەرچەندە لە دوزخورماتو ژمارەیەك قوتابخانە تایبەت دەكرێن بە خوێندنی توركمانی كە ژمارەیان حەوت قوتابخانە بووە، لەوانە قوتابخانەكانی وەك راپەرین (قالقنمە)، ایرلی، اقصو، كلتور، شفق، توز، لەگەل قارداشلق كە خوێندن تیایاندا بە زمانی توركمانی بووە.[٨٢]

پاش ئەوەی كە حكومەتی عێراقی پاشەكشێی لە جێبەجێ كردنی خاڵەكانی مەرسومەكە كرد ، هەندێك نارەزایی لای توركمانەكان سەریهەڵدا. ژمارەیەك خۆپیشاندان و نارەزایی دەربڕین دەستی پێكرد. لە كەركوك بۆ ماوەی سێ رۆژ خوێندكارانی توركمان بایكۆتی خوێندنیان كرد، هەروەها ژمارەیەك هاوڵاتی نەچوونە سەر كارەكانیان.[٨٣] وەلید شەریكە نوسیویەتی كە لە كۆتاییەكانی مانگی ئەیلولی ١٩٧١ دا، شاری كەركوك شاهێدی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی توركمانەكان بووە لە دژی هەڵوەشاندنەوەی مافە كولتورییەكانی توركمانەكان.[٨٤] هەرچەندە ئەرشەد هورمزی بەرواری دەستپێكردنی نارەزایەتیەكانی خوێندنگاكان دەگێرێتەوە بۆ مانگی تشرینی دووەی ١٩٧١[٨٥] و ئەم تێروانینە زیاتر ووردترە بۆ دەسپێكردنی خۆپیشاندانەكان. ئەو نارەزایەتیانە نزیكەی ٥٣رۆژیان خایاندووە و لە میانەیدا ژمارەیەكی زۆری هاوڵاتیانی توركمان دەستگیركراون كە ژمارەیانی بە ١٥٠ هاوڵاتی خەملاندووە. ژمارەیەك لە دەستگیركراوەكان لەژێر ئەشكەنجەدا گیانیان لەدەستداوە لە نمونەی جەودەت اوجی نوسەر. لە دەستگیركراوەكانیش وەك محمد عزت خەتات، ولید شركە، لەگەڵ مامۆستا عرفان.[٨٦]

لە درێژەی نارەزایەتیەكاندا لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧١[٨٧] ژمارەیەک لە خوێندكاران و لاوانی توركمان هەستان بە ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە شاری كەركوك بۆ سەركۆنەكردنی بڕیاری داخستنی قوتابخانە توركمانەكان[٨٨] كە ئەندامەكانی بریتبوون لە هەریەكە لە رشدی رشاد مختار اوغلو، محمد قورقماز، لەگەڵ حسین علی دەمیرجی.[٨٩] لەو كەسانەی كە رۆڵی هەبوو لەم رێكخراوەدا بریتیبوو لە غازی عبدالمجید توفیق بەگ، بەهەمان شێوەی چالاكانی تری توركمان بە نوسراوی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی كەركوك ژمارە (ق.س/٩٦٦٩٦٦ لە ١٩٧١/٢/١٣) دەستگیركرا.[٩٠]

---

٧٩ ئەوەی لێرەدا مەبەستە ژمارەی قوتابخانەكان نیە، بەڵكو قسەكردنە لەسەر هەوڵەكانی بەعس بۆ جێبەجێنەكردنی بڕیارەكان.

٨٠ مجلة الاخاء، ع٩و١٠، سنة١٠، ١٩٧١، ص٥.

٨١ صبحی ساعتجی، م.س، ص٢٣٣-٢٣٥.

٨٢ صلاح الدین ناجی اوغلو، م.س، ص٦٠.

83 A. G. Kayili, Ibid, p.37.

٨٤ ولید شركە، م.س، ص٦.

٨٥ ارشد الهرمزی، م.س، ص ١١٧-١١٨.

٨٦ ولید شركە، م.س، ص٦.

٨٧ صباح عبدالله كركوكلی، م.س، ص٤٥.

٨٨ عبدالجبار درویش رضا، غازی عبدالمجید كما رایتە، مجلة تركمن ایلی (الادب و الفن)، ع١١٤، ٢٠١٧، ص٤.

٨٩ عبدالجبار درویش رضا، غازی عبدالمجید كما رأیتە، توركمن ایلی، ع١٣٧٢، (٢٠١٧/٨/١)، ص٣.

٩٠ فلاح یازار اوغلو، المناضل التركمانی غازی عبدالمجید توفیق بك فی ذمە الخلود، توركمن ایلی، ع١٣٧٢، (٢٠١٧/٨/١)، ص٣.

عەدنان صەقالی کە یەکێك بووە لە مامۆستا دەستگیرکراوەکان لەو هەڵمەتی گرتنەدا چیرۆکی دەستگیرکردنەکەی بۆ حبیب هرمزی باسکردووە، دەڵێت کە نزیکەی ٢٢ کەسی تورکمان لەگەڵ ئەو گیراون و بە توندی ئەشکەنجەدران بە مەبەستی وەرگرتنی دانپیانان لەسەر ئاشکراکردنی هەڵسورێنەرانی خۆپیشاندانەکان. یەکێکی تر لە ئەو کەسانەی لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداریکردو و دەستگیرکرا مەولود تەها قایاجی بوو کە وەك وەرگێر لە تەلەفزیۆنی کەرکوك کاری دەکرد لە بەشی تورکمانی. پاش رزگاربوونی لە ئەمنی کەرکوك لە کارەکەی دوردەخرێتەوە و رادەگوێزرێت بۆ پارێزگای موسەنا.[٩١] تەنانەت پاش کۆتاییهاتنی نارەزایەتیەکان، دەزگا ئەمنیەکانی کەرکوك بەردەوام بوون لە پرۆسەی دەستگیرکردنی چالاکانی تورکمان. ئەکرەم توزلو گۆرانیبێژی دیاری دوزخورماتوو چەندین جار لەلایەن ئەمنی کەرکوکەوە دەستگیردەکرێت، تەنانەت بە تۆمەتی ووتنەوەی گۆرانی لە دژی سیستمی حوکمرانی بەعس بانگی ئەمن دەکرێت و بۆ ماوەیەکیش زیندانی دەکرێت. [٩٢]

ژمارەیەك لە دەستگیرکراوەکان لەناوبراون بە بێ هیچ دادگاییکردنێك لەناو ئەوانەدا کەسایەتی دیاری تورکمانی بە ناوی حسین علی دەمیرجی، کە کاراکتەرێکی شانۆیی تورکمانی بووە و لەناو دەستگیرکراوەکاندا بوو. حسین علی دەمیرجی خەڵکی شاری دوزخورماتوو بوو، رۆڵی سەرەکیی لە شانۆیی "تمبل عباس" بینی ، و هەروەها هەر بەو نازناوەشەوە لای شەقامی تورکمانی ناسرابوو. پاش سزادان لە سێدارە دەدرێت و تەرمەکەی لەسەر یەکێك لە شەقامەکانی کەرکوك فڕێدەدرێت.[٩٣]

لەوەش زیاتر، حکومەت بەتایبەتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەرکوك بریارێکیان دەرکرد و گشتاندنیان پێکرد بۆ سەرجەم قوتابخانەکانی کەرکوك تیایدا هاتبوو کە سەرجەم ئەو خوێندکارانەی بەشدارییان کردووە لە خۆپیشاندانەکاندا پێویستە لە تاقیکردنەوەکانی نیوەی ساڵ بە نەهاتوو ئەژماربکرێن و نمرەی سفر بۆ هەموویان دابنرێت.[٩٤] ئەم خۆپیشاندانە وەک یەکەمین رووبەرووبونەوەی دەستەجەمعی تورکمانەکان دژ بە حکومەتی عێراق لەسەردەمی حیزبی بەعسدا ئەژماردەکرێت.[٩٥] سەرەڕای سەرجەم نارەزایەتیەکان، حکومەتی عێراقی سور بوو لەسەر هەڵوەشانەوەی مافەکان بەشێوەیەکی بنەرەتی.[٩٦]

جگە لەوەی کە بریارەکانی مافە کولتوریەکانی تورکمان جێبیەجێ نەکراون، لەوەش زیاتر هەوڵدراوە وجودی کردارەکیی تورکمان کەمبکرێتەوە، هەروەك دەردەکەوێت کە لە ساڵی ١٩٧٠ ژمارەی قوتابخانە تورکمانیەکان لە کەرکوك ١٣٧ قوتابخانە بوون، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەم ژمارەیە دوای ساڵێك دادەبەزێت بۆ ٦٨ قوتابخانە.[٩٧] هەروەها ئەگەر تەماشایەکی رێژەی دانیشتوانی شاری کەرکوك بکەین بەر لە بەیاننامەکە و پاش بەیاننامەکە بۆمان دەردەکەوێت کە حکومەتی عێراق هەوڵی تێکدانی دیمۆگرافیای ناوچەکەی داوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی

٩١ نجات كوثر اوغلو، مشعلة ادب تركمانى تتحدى الخمود مولود طه قاياجى، كركوك، ٢٠١٢، ص١٣.

٩٢ قاسم محمد ترزى، من هو اكرم طوزلو، طوز، ٢٠٠٧، ص١٣-١٥.

٩٣ زياد كوبرلو، الكيان التركى فى العراق، د.م.ط، ١٩٩٦، ص ٤١.

٩٤ صبحى ساعتجى، م.س، ص ٢٣٦-٢٣٧.

٩٥ حبيب الهرمزى، م.س، ص٣٤-٣٧.

٩٦ عرفان كركوكلى، التعايش السلمى بين الكرد و التركمان فى مدينه كركوك، گۆڤاری کەرکوك، ژ.١، ساڵی ٢، ٢٠٠٠، ص١٦٢.

97 M. S. Kerkuklu, 'Turkmen of Iraq", (Dublin, 2007), P.39.

تورکمان لە کەرکوك: ڕێژەی تورکمان لە سەرژمێری ١٩٥٧دا بریتیبووە لە ٢١،٥% بەڵام ئەم ڕێژەیە بۆ ١٦،٣١% لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دابەزیوە.[٩٨] دەستەڵاتدارانی حیزبی بەعس پاش ئەو بەیاننامەیە و هەتاوەکو رووخانی رژێم زۆر بە بەرفراوانی و بە بەرنامەرێژکراوی هەستاون بە راگواستنی خێزانەکانی کورد و تورکمان لە کەرکوك، تەنانەت بە پێی بەڵگەنامە فەرمییەکانی حکومەتی عێراقی لەو سەردەمەدا لەژێر ناوی راستکردنەوە (تصحیح)ی ناسنامەی نەتەوەییدا ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کورد و تورکمانەکان کراون بە عەرەب و بەناوی نەتەوەی عەرەبەوە تۆمارکراون.[٩٩] بەڵام هاوڵاتی عەرەب بۆی نەبوە کە ناسنامەی خۆی بگۆڕێت بۆ نەتەوەیەکی تر، هەروەك لە سەرکردایەتی فەرماندەیی شۆرشەوە بریارێك لەوبارەیەوە دەرچوو، بەدیوێکی تردا، ئەوانەی راستکردنەوەی ناسنامەیان پێکرابوو (وەك تورکمانەکان کە کرابوون بە عەرەب) مافی ئەوەیان نەبوو دەستکاری ئەو ناسنامە تازەیە بکەن، چونکە لەسێدارە دەدران.[١٠٠]

پێدانی مافی کولتوری وەك لە بەیاننامەکەی رژێمدا هاتبوو، تەنها بەمەبەستی پەردەپۆشکردن و کپکردنەوەی نارەزایەتیەکانی تورکمانەکان بوو هەروەك هەندێك لە تورکمانەکان وای بۆ دەچون.[١٠١] لەبەرئەوەی پاش شەش هەفتە لەو بەرواره بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی تایبەت بە مافی کورد راگەیەنرا لەنێوان حکومەتی بەعس و پارتی دیموکراتی کوردستان.[١٠٢]

لەپاش ساڵی ١٩٧٧ەوە کە ئیتر رژێمی عێراق بە سەرکردایەتی حیزبی بەعس دڵنیا بوونەوە لە چەسپاندنی پایەکانی دەستەڵاتیان دەستیانکرد بە بەعسی کردنی کردارەکی تەواوی کۆمەڵگای عێراقی، لەو میانەیەدا سەرجەم دامەزراوە پیشەیی و رێکخراوەییەکانی کە تورکمانیان تیادا بوو یان خاوەندارێتی تورکمانی بوون کران بە بەعسی. لەو دامەزراوانەش وەك دەستەی کارگێری مانگی سوور و یانەی سەورەی وەرزشی و سەرجەم ژووره پیشەییەکان و تەنانەت یانەی برایەتی تورکمانیش.[١٠٣]

---

٩٨ منذر الفضل، حقوق الانسان و التنوع الاثني لسكان كركوك، في:مجموعة من الكتاب و الباحثين، كركوك مدينه القوميات المتاخيه، ط١، ٢٠٠٩، اربيل، ص١٨١.

99 M. S. Kerkuklu, Ibid, pp.29-42.

١٠٠ موكەڕم تاڵەبانی، کوردستان و تورکمان، و. عوسمان محمد صالح، ٢٠٠٨، هەولێر، ل٦٣-٦٤.

١٠١ عزيز الصمانجي، التاريخ السياسي...، م.س، ص١٨٩-١٩٠.

١٠٢ كمال ديب، موجز تاريخ العراق،بيروت، ٢٠١٣، ص١١٢.

١٠٣ صبحى ساعتجى، م.س، ص٢٤٠-٢٤١.

**دەرەنجام/**

١- پاش لێكۆڵینەوە چەند دەرەنجامێك بەدیاركەوتن. لەماوەی هاتنە سەردەستەڵاتەی حیزبی بەعس هەتاوەكو دەستپێكردنی شەری نێوان ئێرا ن و عێراق لە ساڵی ١٩٨٠، كۆمەڵێك گۆرانكاری جدی لە سیاسەتی ناوخۆیی عێراق تایبەت بە كەمینە نەتەوەییەكان و بەتایبەت توركمان روویاندا. هەرچەندە پێش ئەو سەردەمە توركمان بە فەرمی لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە نەناسرابوون، بەڵام لەرووی سیاسیەوە گرفتی جدییان نەبوو. گرفتەكانی نەتەوەی توركمان لە هاتنی حیزبی بەعسەوە پاش ساڵی ١٩٦٨ دەستپێدەكات.

٢- یانەی برایەتی توركمان كە هەشت ساڵ پێش هاتنی حیزبی بەعس دامەزرا بوو، لەلایەن دەستەڵاتدارانی عێراقەوە لەسەردەمی بەعس رووبەرووی گرفتی سیاسی بوەوە. سەرەتا بە هەوڵدان بۆ دانانی كەسانی دیاری كراوی رژێم لەو یانەیەدا دەستی پێكرد. دواتر فشارەكان زیادیان و كرد و رژێم بە تەواوی دەستی بەسەر یانەكەدا گرت.

٣- بەیاننامەی مافە كلتوریەكانی توركمان كە نزیكەی دوو ساڵە پاش هاتنە سەردەستەڵاتی حیزبی بەعس دەرچوو دەلاقەیەكی گرنگی بەرووی توركماندا كردەوە. توركمانەكان توانییان قوتابخانەی توركمانی لە شاری كەركوك و دەوروبەری بكەنەوە. گۆڤاری فەرمی خۆیان دەربكەن. بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری توركمان دامەزرا و هەروەها بەرێوەبەرایەتی خوێندنی توركمانی كرایەوە.

٤- سەرەرای ئەوانە رژێم دەستیكرد بە هەوڵدان بۆ خۆلادان لە جێبەجێكردنی خاڵەكانی بەیاننامەكە و پشتگوێ خستنیان. پاش سالێك بە كرداریی مافە كلتوریەكان هەڵوەشانەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەست بوو بە قوتابخانە توركمانیەكان. توركمان لەو ماوەیەدا لە دەرەنجامی هەڵوەشاندنەوەی ئەو بریارانە دووچاری فشاری سیاسی بوونەوە. فشارەكان كاریگەریان هەبوو لەسەر ئەوەی لە دەیەی دواتردا بەرە بەرە كۆبوونەوەی سیاسی توركمانی دەستپێبكات.

**لیستی سەرچاوەکان**

**یەکەم: بەڵگەنامەکان:**


١- وقائع العراقية، قرار رقم ٨٩ منح حقوق الثقافية، ع ١٨٣٥، (١٩٧٠/١/٣١).

**دووەم: چاوپێکەوتن/**

٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ سالار اربيل، ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی تورکمان ئیلی و بەرپرسی لقی هەولێر، (٢٠١٨/٧/١٤).

٣- چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەسعەد شاکر ئەربیل، ئەندامی دەستەی کارگێڕی یانەی برایەتی تورکمان، هەولێر، (٢٠١٩/١/٢٨).

**سێیەم: نامەی ئەکادیمی بڵاونەکراوە/**

٤- سمر فضل الله عبدالحميد، اكراد العراق تحت حكم عبدالكريم قاسم، رسالة ماجستير غير منشورة مقدمة الى قسم التاريخ/ جامعه زقازيق، ٢٠١٠.

**چوارەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی/**

٥- موکەڕم تاڵەبانی، کوردستان و تورکمان، و. عوسمان محمد صالح، هەولێر، ٢٠٠٨.

٦- نادر ئینتیسار، ئیتنۆ نەتەوایەتی کورد، و. عەتا قەرەداخی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

**پێنجەم: سەرچاوە بە زمانی عەرەبی/**

٧- ارشد الهرمزی، التركمان و الوطن العراقی، ط٣، استانبول، ٢٠٠٥، ص ١١٧.

٨- اميد ابراهيم جوزەلی، تاريخ الترك و التركمان فی اربل اربيل، ط١، اربيل، ٢٠١٩.

٩- اوريل دان، العراق فی عهد قاسم، ت. جرجيس فتح الله، ط١، اربيل، ٢٠١٢.

١٠- جعفر عباس حميدی، تاريخ الوزارات العراقية فی العهد الجمهوری ١٩٥٨-١٩٦٨، ج ٩، ط١، بغداد، ٢٠٠٥.

١١- حبيب الهرمزی، مذكرات صحفی تركمانی، ط١، استنبول، ٢٠١٦.

١٢- حبيب الهرمزی، مۆكرات صحفی تركمانی، ط١، استنبول، ٢٠١٦.

١٣- زياد كوبرلو، الكيان التركی فی العراق، د.م.ط، ١٩٩٦.

١٤- شورش حسن عمر، خصائص النظام الفيدرالی، ط٢، مصر، ٢٠١٨.

١٥- صباح عبدالله كركوكلی، اعلام الصحافة التركمانية فی العراق ١٩٠٠-٢٠٠٣، بغداد، ط١، ٢٠١٣.

١٦- صباح عبدالله كركوكلی، موسوعة اعلام التركمان، ج١، بغداد، ط١، ٢٠١٧.

١٧- صبحی ساعتجی، الكيان التركماني فی العراق، ت. حبيب الهرمزی، استبول، ٢٠١٤.

١٨- صلاح الدين ناجی اوغلو، طوزخورماتو قديما و حديثا، طوز، ٢٠٠٥، ص٦٠.

١٩- عبدالرزاق الحسنی، تاريخ العراق السياسی الحديث، ج١، ط٧، لبنان، ٢٠٠٨.

٢٠- عزيز الصمانجی، التاريخ السياسی لتركمان العراق، لندن، ٢٠٠٣، ص١٨٩-١٩٠.

٢١- علاء هادی الحطاب، من المعارضة الی الحكم تجربة المعارضة العراقية ١٩٦٨-٢٠٠٣، ط١، بغداد، ٢٠١٩.

٢٢- عمار علی السمر، شمال العراق ١٩٥٨-١٩٧٥، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات ،ط١، ٢٠١٢.

٢٣- قاسم محمد ترزی، من هو اكرم طوزلو، طوز، ٢٠٠٧.

٢٤- كمال ديب، موجز تاريخ العراق، بيروت، ٢٠١٣.

٢٥- محمد سهيل طقوش، تاريخ العراق الحديث و المعاصر، ط١، بيروت، ٢٠١٥.
٢٦- منذر الفضل، حقوق الانسان و التنوع الاثني لسكان كركوك، في: مجموعة من الكتاب و الباحثين، كركوك مدينه القوميات المتاخيه، ط١، اربيل، ٢٠٠٩.
٢٧- نجات كوثر اوغلو، مشعلة ادب تركماني تتحدى الخمود مولود طه قاياجى، كركوك، ٢٠١٢.
٢٨- وليد شركة، صفحات مضيئة من تاريخ الشعب التركماني، كردستان العراق، ٢٠٠٠.

**شەشەم: سەرچاوکان بە زمانی ئینگلیزی/**

29- G. Kayili, "the Iraqi Turkmen 1921-2005", (unpublished M.A, 2005).
30- M. M. Gunter, "the A to Z of the Kurds", (Plymouth, UK, 2009).
31- M. S. Kerkuklu, Turkmen of Iraq, (Dublin, 2007).
32- Semsetten Kuzeci, 'Poets of Kirkuk; Iraq Turkman poets', trns. N. Dursun, (Ankara, 2014).

**حەوتەم: گۆڤار و رۆژنامە/**

٣٣- رضا جولاق اوغلو، مصير تركمان العراق الى اين، قارداشلق، ع٤٩، ٢٠١١.
٣٤- زاهد البياتى، ليلة القبض على الاخاء من حوادث الصحافة التركمانية، قارداشلق، ع ٦٥، س١٧، ٢٠١٥، ص ٥٣-٥٤.
٣٥- صبحى شيخ حسن، نادى الاخاء التركماني تاريخ... واصالة، الاخاء، ع٣٣٣-٣٣٤-٣٣٥، ٢٠١٧.
٣٦- عبدالجبار درويش رضا، غازى عبدالمجيد كما رأيته، توركمن ايلى، ع١٣٧٢، (٢٠١٧/٨/١)، ص٣.
٣٧- عبدالجبار درويش رضا، غازى عبدالمجيد كما رايته، مجلة تركمن ايلى (الادب و الفن)، ع١١٤، ٢٠١٧، ص٤.
٣٨- عبدالقادر سليمان، كل لسان بلسان، الاخاء، ع٦، سنة٤، ١٩٦٤، بغداد، ص٢-٤.
٣٩- عرفان كركوكلى، التعايش السلمى بين الكرد و التركمان فى مدينة كركوك، گۆڤاری کەرکوك، ژ.١، ساڵی دووەم، ٢٠٠٠، ص١٦٢-١٨٠.
٤٠- فلاح يازار اوغلو، المناضل التركمانى غازى عبدالمجيد توفيق بك في ذمه الخلود، توركمن ايلى، ع١٣٧٢، (٢٠١٧/٨/١)، ص٣.
٤١- لقاء مع رئيس توركمن قارداشلق اوجاغى وداد ارسلان، توركمن ايلى، ع ٢٢٠، (٢٠٠٠/١/٢)
٤٢- مجلة الاخاء، ع٩و١٠، سنة١٠، ١٩٧١، ص٥.
٤٣- مجلة الاخاء، ع ١و٢، سنة٦، ١٩٦٦، ص ٢-٣.
٤٤- مجلة الاخاء، ع١٠، سنة٩، ١٩٧٠، ص ٧-١٢.

**هەشتەم: سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان/**

45- http://iraqld.hjc.iq:8080/LoadLawBook.aspx?page=1&SC=&BookID=170
46- https://www.hjc.iq/view.86/. 10/2/2019.
47- http://kardeslikocagi.org/pages?id=10
48- http://kardeslikocagi.org/pages?id=3
49- http://kardeslikocagi.org/pages?id=4
50- http://kardeslikocagi.org/pages?id=10
51- http://www.altaakhipress.com/printart.php?art=22431,
52- https://algardenia.com/mochtaratt/36146-2018-07-02-10-05-11.html